# پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پێویستە
# بەسەرمایەی کەلەکەبوی بەرپرسان دابین بکرێت!

**سامان کەریم**

"حکومەتی هەریمی کوردستان" ماوەیەکە سەرقاڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی بڕینی پاروە نانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە، ماوەیەکە باسو بڕیارو کۆبونەوەیان چۆتە سەر ئەوەی چۆنو لەکام ڕێگاوە موچەی ژمارەیەکی زۆر لە کریکارانو فەرمانبەران ببڕنو بێکاریان بکەن یان بە زۆر خانەنشینیان بکەن.
سیاسەتی ئەم دەورەیەی ناسیونالیزمی کورد، لە بەرانبەر ژیانو گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا لە"تەرشیقی ئیدارات"دا خۆلاسە دەبێتەوەکە ناویان ناوە "چاکسازی" کە لەراستیدا بێکارسازییە: لە بناغەوە پەیوەستە بە ماهیەتی دەسەلاتداریتی ناسیونالیزمی کورد وەك نوێنەرو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بورژوازی کورد. لەمبارەوە دەسەلاتدارێتیو حوکمرانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار چ پێکەوەو چ بە جیا جیا بە ڕۆشنی نیشانیان داوە کە دەسەلاتەکەیان بۆ پاراستنی سەرمایەو سەرمایەدارییە لە عێڕاقو کوردستانو بەم پێیەش سەرکوتکردنی کریکارانو خەلکی زەحمەتکێشو ستەمدیدەی کوردستان ئەرکێکی هەمیشەییان بوەو هەیە، هەروەك لە دووسالی ڕابوردودا بەشێوەیەکی ڕۆشن دەرکەوتوە.

لە بناغەوە ئەم سیاسەتە نیشانەی فەرهودو گەندڵییەکی لە ڕادەبەدەرە کە سەرکردەو بەرپرسە گەورەو بچوکەکانی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو دەسەلاتەکەیان تیایدا نقوم بوون. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم سیاسەتی نانبڕینە ڕاستەوخۆ ڕوانگەی ئەم دەسەلاتەو بزوتنەوەکەیان نیشان دەدات لە پەیوەندبە جیگاو ڕیگای ئینسانو خەلکی کوردستانەوە، کە بەپێی بەرژەوەندی خۆیانو مونافەسەو شەری نیوخۆیان تا ئێستا مامەڵەیان لەگەل خەلکدا کردوە. ئەوەتا بەڕۆشنی گەورە بەرپرسێکی پارتی رادەگەیەنێت کە یەکێتیو پارتی ژمارەیەکی زۆریان لە خەلك دامەزراندوە لە دەورانی پێشوودا و ئێستا ئیتر ئەوە پێویست نیە. ئەوکات بە قەولی گەورە بەرپرسانیان "پێویستی سیاسی"بوو، ئێستا بەقەولی خۆیان پیویستی "ئیداریی" دەخوازێ کە ئەوانەی دامەزریندراون بەهۆی پێویستی سیاسی یەوە ئەمڕۆ پێویستە دەربکرێن یان بەزۆر خانەنیشن بکرین یان بدرینە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتیو "موچەی بنەرەتی"یان پێبدرێت. بەم پێیە خەلکی کوردستانو ژیانو گوزەرانیان بۆتە یاری دەستی پەیوەندی نێوان ئەم دووهێزە. لەشەریاندا رۆلە کوژراو ئاوارەنو لە خۆشیو یەکگرتوبونیاندا هەژاریو بیکاریو سەرکوت چارەنوسیانە. لەراستیدا ئەم سیاسەتەیان بۆ شاردنەوەو پەردەدانە بەسەر گەندەلیەك کە تا ئێستا لەسایەیدا ملیارەها دۆلار لوشداروە.

بەلام بەراستی عەجاییبە پارە بۆ لە خەزینەدا نیە؟ بۆچی میلیارو نیوێك دۆلار پێویستەو لە خەزێنەدا تەنها نیو ملیار دۆلار هەیە؟! نە سەرۆکی حکومەتو جیگرەکەی وە نە گەورە بەرپرسانی مەکتەب سیاسی هەردوو حزب کە لەمبارەوە نوسیویانەو رایا نگەیاندوە ئاماژەیەك بۆنەبون یان کەمی پارە لە خەزینەدا ناکەن. بەلام خەزێنەی تەواوی سەرەوەتو سامانی کۆمەلگا لەکوردستان لەنیو گیرفانی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو گەورە بەرپرسانیدایە، لەمبارەوە قسەیەك نیە!. بەلام خەڵکی کوردستان لە ڕێگای خۆپیشاندانی بەردەوامیانەوە لە بەرپرسانی هەردوو حزبیان پرسیوە" ئەم سەروەتەتان لە کویێ بوو؟! فرعەونئاواکانی سلێمانی و هاوینەهەواری صلاح الدینو دهۆکتان چۆن دروستکرد؟! دەیان کۆمپانیاو کارگەی گەورەو هیلی تەلەفۆنی مۆبیلتان لە قورگی کێ دەرهاتو ئیوە بونە خاوەنی؟!" خواستی دابینکردنی کارەباو سوتەمەنیو موچەی گونجاوو دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکان ئەو هاوارو خواستانە بون کە دووساڵە خەلکی کوردستانی لەسەر کوژراوەو زیندانیکراوە.

## کرێکاران‌و فەرمانبەرانی ناڕازی
## خەڵکی ئازادیخوازو ستەم دیدەی کوردستان !

ئەم هێرشکردنە بۆ سەر ژیان‌و گوزەرانی ئێوە هیچ پاساویکی نیە. گشت سەروەت‌و سامانی خەلکی کوردستان، لە بودجەی بەغدا وە بگرە لەماوەی 4 سالی ڕابوردودا، تا پارەی کەلەکەبوی بڕیاری 986و پارەو پولی 16 سالەی گومرگەکانی ئیبراهیم خەلیل‌و حاجی هۆمەران‌و بناوەسوتەو... ئەمە جگە لە زەریبەکانی ئاوو کارەباو مرورانەو دەخل‌و عقارات‌و... ئەم هەموو پارەو سەرمایەیە جگە لە پێدانی موچەیەکی مەمرەو مەژی بەکریکاران‌و فەرمانبەرانی ئاستەکانی خوارەوەو چەند پرۆژەیەکی کەم‌و ناتەواو چی بەسەر هاتوەو چۆتە گیرفانی کێوە؟!

بۆیە پێویستە لەبەرانبەر بڕیاری دەسەلاتداریتی "حکومەتی هەریمدا" بۆ نانبڕین‌و دەرکردنی کریکاران‌وفەرمانبەران وسیاسەتی بیکارکردندا بێنە مەیدان‌و نەك تەنها ئەم بڕیارەیان پێهەلبوەشێننەوە بەلکو بە ریزی یەکگرتوو ڕیکخراوی خۆتان موحاسبەی تەواوی بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو حکومەتەکەیان بکەن‌و گشت سەرمایەی کەلەکە بویان کە سالانە لە کوردستان‌و لە دەرەوە دەیخەنە گەرو بەشیکی زۆریشی لە بانکە جیهانیەکان کەلەکە دەکەن لیٚ وەرگرنەوەو لە پیناو باشکردنی خزمەتگوزارییەکان‌و بەرزکردنەوەی موچەکانتان بەکاریبهێنن. ئەمە تەنها وەلامە بە بڕیاری بیکارکردن‌و برسیکردنی خەڵکی کوردستان. لەمبارەوە ڕیگای گونجاو یەکگرتوو بون‌و ریکخراوبونتانە بەدەوری ئەم خواستانەدا:

- هەر جۆرە دەرکردنێك لەسەر کار لە ژێر هەر بیانویەکدا بیت قەدەغەیە.
- خانەنیشن بوون مافی هەر موچەخۆرێکە، بە تەواوی موچەوە کە بەشی پێداویستەکانی خیزانێکی 5 نەفەری بکات.
- دابینکردنی بیمەی بیکاری کە بەشی پێداویستەکانی خێزانیکی 5 نەفەری بکات.
- گێرانەوەی سەرەوت‌و سامانی کەلەکە بوو لای بەرپرسانی هەردوو حزب، بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

2007/6/28